# گۆرانییەک بۆ ڕاپەڕین

حەمەسەعید حەسەن

ئەوە خودی
سەححاف بوو یەکەم بەیانی
(شۆڕش)ی پۆخڵی حەڤدەی
تەمووزی لە ڕادیۆی شڕی
بەغدادەوە دەخوێندەوە،
ئەوە ئەو بوو ناخۆشترین هەواڵی پێ ڕاگەیاندین،
ئاخۆ کێ بێ،
بە شنەی خۆشترین مژدە،
مژدەی مەرگی حیزبی بەعس،
گوێمان بلەرێنێتەوە؟
گۆبلز تەنیا درۆزن بوو،
سەححاف هەم درۆزنە هەم جنێوفرۆش.
ئەمریکا مووشەکی تۆما هۆک دەنێرێ،
سەحححاف: جنێو،
ئەمریکا کروز دەنێرێ،
سەحححاف: جنێو.
ئەمریکا بالآفڕی بی فیفتی توو ڕەوانە دەکا،
سەحححاف جنێو.
ئەمریکا تەکنیکی تازە دەخاتە گەڕ،
سەحححافیش تازەترین جوێن.
ئەمریکا لە بەغدا نزیک دەبێتەوە و بەعس لە مەرگ.
من دەمێکە شیعری بالآ دەخوێنمەوە،
کەچی هێشتا تووشی ڕستەیە نەهاتووم
شیعریتر بێ لەو ڕستەیەی
دەبێژێ (ئەمڕۆ مووشەکێ،
کەوتە بارەگای بەعسەوە.)

گەلێ مژدە و هەواڵی خۆشم بیستووە،
وەلێ هەرگیز هەواڵێکم نەژنەوتووە،
شیرینتر بێ لەو مژدەیەی
دەبێژێ (بلێسەی ڕابوون
هەموو عێراقی گرتەوە.)
من زۆر وێنە و دیمەنی جوانم بینیوە،
کەچی هێشتا
هیچ دیمەنێ
هێندەی وێنەی
ئەو منداڵە کوردەی میزی
بە ئاڵای تورکدا دەکرد، نەیبزواندووم.
ئافرەتێکی سێ گیان گوتی:
هەر کە دووانەکەی هەناوم
لە دایک بوون،
یەکێکیان ناو دەنێم: (بلێر،)
ئەوی تر: (بوش،)
هاوسەرەکەی گوتی: نا با
یەکێکیان ناو بنێین: کروز،
ئەی تریشیان: تۆما هۆک.
ببوورن لێم
یەکەم جار و دوا کەڕەتە
شیعر بۆ باڵای شەڕ بڵێم،
یەکەم جار و دوا کەڕەتە
میز بخەمە نێو ڕستەوە.

2003. 03. 29